# بەشداربووانی کۆبوونەوەکانی کەنەدا بۆ ڕۆژی گەل دەدوێن

لە ژمارەی پێشووی (ڕۆژی گەل) دا ئاماژەمان بەو کۆنفرانسە کردبوو کە ڕۆژانی ٢٦و٢٨-٩-٢٠٠٦ لە کەنەدا بۆ هێزە سەربەخۆخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەی نەتەوەکانی ئێران پێکهاتبوو،بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو کۆنفرانسە چەندین پرسیارمان لە ڕێزداران کاک ئەمیری قازی سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان و ڕێزدار کاک عارف باوەجانی، وتەبێژی پارتی سەربەستی کوردستان کرد، ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی (ڕۆژی گەل)یان دایەوە:

## ڕێزدار ئەمیری قازی سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە

پرسیار: بیستوومانە لە دوایین هەفتەی مانگی ئەیلولی ٢٠٠٦ ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ئێران لە شاری تۆرۆنتۆی وڵاتی کەنەدا کۆبوونەتەوە ئەم هەواڵە تا کوێ ڕاستە، ئایا پارتی سەربەخۆیی کوردستانیش بەشداری هەبوو؟

وەڵام: بەڵێ کۆبوونەوەیەکی لەو بابەتە هەبووەو لە لایەنی پارتی سەربەخۆیی کوردستانەوە من لەوێ بووم.

پرسیار: کۆبوونەوەکە کەنگێ و چەند ڕۆژی خایاند؟

وەڵام: باشتر وایە بڵێم کۆبوونەوەکان، چونکە ئێمە دووجار کۆبووینەوە. جاری یەکەم لە شاری تۆرۆنتۆ ٢٦-٩-٢٠٠٦، زیاتر بۆ باسی نێوخۆیی ڕیکخراوەکان و بەمەبەستی پێکگەیشتن لەسەر پرۆگرامێکی هاوبەش بۆ یەکێتی و بەرەیی ناوخۆیی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران داندرابوو. کۆبوونەوەی دووهەم لە شاری ئۆتاوە، لە تەلاری پارلەمانی کەنەدا، ڕۆژی ٢٨-٩-٢٠٠٦ بەسترا. کۆبوونەوەی دووهەم بەمەبەستی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی پارلەمانی کەنەداو پرس و وەڵام لەگەڵ ئەوان تەرخانکرابوو.

پرسیار: کێ بەشداری لەم کۆبوونەوانەدا هەبوو؟

وەڵام: لە کۆبوونەوەکانی ئەوجارەدا شەش هێزی ئازەربایجانی باشوور کە سەربەخۆخوازن، هەروەها دوو ڕێکخراوی سەربەخۆخوازی بلوچستان، دوو ڕێکخراوی تورکەمەنستان، سێ ڕێکخراوی عەرەبستانی ئەحواز، دوو ڕێکخراوی سەربەخۆخوازی کوردیش واتا پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان لە دانیشتنەکان بەشدار بوون.

پرسیار: کام یەک لەو لایەنانەی کە ناوت هێنان پێکهێنەری کۆبوونەوەکانی کەنەدا بوون؟

وەڵام: کۆبوونەوەکانی کەنەدا بە هیممەتی بەرەی دیموکراتی گەلی عەرەبستان- ئەحواز پێکهاتبوو. ئەوان میواندار بوون. با ئەوەندەش بڵێم کە ئەمە یەکەمین کۆبوونەوە نییە کە هێزە سەربەخۆخوازەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بە مەبەستی سازدانی بەرەیەکی یەکگرتوو بەستوویانە. پێشتر لە لەندەن، لە کۆپنهاگن، لە ستۆکۆڵم و لە بەرلین لەو پێوەندییە دانیشتن و وتوێژ هەبووە.

پرسیار: ئێوە وەک پارتی سەربەخۆیی لە کۆبوونەوەکانی پێشتر بەشداریتان کردبوو؟

وەڵام: لە هیچ کام لە وانەی پێشتر بەشداریمان نەبوو، ئەمە یەکەمین جارە بۆ دانیشتنێکی ئەوتۆ بانگ دەکرێین. جاری پێشوو چەند هێزێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەکان بووبوون، بەڵام ئەمجارەیان نەهاتبوون.



پرسیار: وتوویژەکانی کۆبوونەوەکان لە کام بواردا بەرەو پێش دەچوون؟، بەکوردی زیاتر باسی چی دەکرا؟

وەڵام: تەوەری کۆبوونەوەکە لەسەر دوو باسی سەرەکی دەسووڕانەوە. یەکەم باسی سەربەخۆیی و بۆچوونی مەنتقی لەسەر ڕزگاری یەکجارەکی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران کە باسی داغی کۆبوونەوەکان بوو، کەس خیلاف و کێشەی لەگەڵی نەبوو، باسێکی دیکەی گەرم و گوڕ لەسەر بەندو پەرەگرافەکان، زەرورەتی بەرەیەکی یەکگرتووی ڕێکخراوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێستای ئێران لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەکاندا، کاتی دانیشتنەکانی ڕۆژی یەکەمی بەخۆیەوە دەگرت کە بێجگە لە یەک خاڵ کە جێی ناکۆکی ئێمە کوردەکان و بەشێکی دیکە لە نوێنەرەکانی تورکمان و بلوچەکان بوو دەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی توندڕۆی ئازەربایجان، گشت بەندو پرنسیپەکانی دیکەی بەرە پەسند کران.

## ڕێزدار کاک عارف باوەجانی، وتەبێژی پارتی سەربەستی کوردستان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە

پرسیار: ئایا کۆنفرانسی کەنەدا چۆن پێکهات؟ کێن ئەوانەی ئەو کۆنفرانسەیان گەلاڵە کردبوو؟

وەڵام : ئەم کۆنفرانسە لە لایەن ( ناوەندی ئەحوازی کەنەدی مافی مرۆڤ) بەڕێوە چوو،هەڵبەت پارتی ( بەرەی دیمۆکراتی گەلی عەرەبی ئەحواز) لە پشت ئەم ڕێکخراوەیە، ئەو بەرەیە یەکێکە لەگەورەترین پارتەکانی عەرەبی ئەحوازی بن دەستی ئێرانە،کە خەبات بۆ سەربەخۆیی عەرەبەکانی بن دەستی ئێران دەکەن، ئەوانیش زۆر لەهەوڵی دروست کردنی بەرەیەکن بۆ گەلانی بن دەستی ئێران، کە ئەو بەرە لەبەرژەوەندی هەموو لایەکدایە،لە ڕێگەی ناوەندی ئەحوازی کەنەدی مافی مرۆڤ هەموو لایەنە سەربەخۆخوازەکانی گەلانی بن دەستی ئێران ئاگادار کرانەوە،کە ئەوان ئامادەی ئەوەیان هەیە لە کەنەدا لە ڕۆژەکانی ٢٦ و ٢٨ سێپتێمبەر ٢ کۆبوونەوەی جیاواز پێک بێنن. یەک لەسەر دروست کردنی بەرەی نەتەوەکانی بن دەستی ئێران، ئەوی دیکەش لە ناو بینایی پەرلەمانی کەنەدا،کە بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوون .

کۆبوونەوەی یەکەم:

لە ڕۆژی ٢٦ ی سێبتێمبەر بەرامبەر بە ٤ ی ڕەزبەری ٢٧٠٦ ی کوردی لە شاری تۆرەنتۆ لە کەنەدا،کۆنفرانسێک لە نێوان پارت ولایەنەکانی سەربەخۆخوازی گەلانی بن دەستی ئێران پێک هات،لەو کۆبوونەوەیەدا ٢ خاڵی گرنگ باس کرا،کە پێشتر پارت ولایەنەکانی لێ ئاگادار کرابۆوە. خاڵی یەکەم؛ مەسەلەی چالاک کردنی بەرەی نەتەوەکانی بن دەستی ئێران،کە پێشتر لە وڵاتانی بەریتانیاو سوید و دانیمارک و ئەڵمانیا چەند جار کۆبوونەوەی لەسەر گیرابوو. پاش باسێکی زۆر لەسەر هەڵبژاردنی ناوی بەرە هاتە گۆڕێ، پاشان بە کۆی دەنگی زۆرینەی بەشداربووان، ناوی ( بەرەی گەلانی بن دەستی نەتەوەیی بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسی( ئێران ) لێنرا، دیارە زۆر خاڵی دیکەی ماوە تا لە سەری ڕێکبکەوین، ئەوانیش بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ماوەتەوە.

خاڵی دووەم پێداچوونەوەی پێناسە وبڕیارنامەی بەرە و زیاد کردنی چەند خاڵێکی گرنگ لەو بڕیار نامەیە کە شایانی وتنە زۆربەی ئەوخاڵانە لە لایان نوێنەرانی هەردوو پارتی کوردی بەشداربوو لەو کۆنفرانسە پێشنیار کرا بوون،لە پاش پێداچوونەوەی گشتی خاڵەکان و بە واژۆی هەموو لایەنە کانی بەشدار،بڕیاردرا کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٨ ی سێپتێمبەری لایەنەکان لە نێو پەرلەمانی کەنەدا بدرێت بە پەرلەمانی کەنەدا.

کۆوونەوەی دووەم: لە ڕۆژی ٢٨ ی سێبتێمبەر بەرامبەر بە ٦ی ڕەزبەری ٢٧٠٦ ی کوردی لە شاری ئۆتاوا لە نێو تەلاری پەرلەمانی کەنەدا بەبەشداری چەند ئەندام پەرلەمانێک، چەندین کانالی ڕاگەیاندنی کەنەدی بەبەشداری پات ولایەنەکانی سەربەخۆخوازی گەلانی بن دەستی ئێران پێک هات،کە بریتی بوون لە پارتی سەربەستیی کوردستان،پارتی سەربەخۆی کوردستان،بەرەی دیمۆکراتیکی نەتەوەیی عەرەبی ئەحواز،کۆنگرەی جیهانی دیمۆکراتی ئازەربایجانی باشوور،جوڵانەوەی هۆشیاری گەلی ئازەربایجانی باشوور (کامۆج)،پارتی سەربەخۆیی ئازەربایجانی باشوور.پارتی خەڵکی بەلوجستان،کانوونی سیاسی وفەرهەنگی خەڵکی تورکمەن،جوڵانەوەی تورکمەنستان، بەرەی عەرەبی ئازادی بەخشی ئەحواز،ئەنیستۆی نێونەتەوەیی ئازەربایجانی. لە نێو پەرلەماندا بانگێشەی لایەنەکان کرا کە بە نۆرە وتارەکانیان بخۆێنەوە، من وەک ووتەبێژی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان لە نۆرەی خۆمدا وتاری پارتی سەربەستیی کوردستانم بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی بەشدار بووان کرد،لەو وتارەدا تیشکم خستە سەر هەل ومەرجی کوردستان و ڕۆڵی ئاشتیواخوازی گەلی کورد لە گشت بەشە داگیر کراوەکانیدا ،پاشان ئاماژەم بە جۆگرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد،هەروەها باسی زەرورەتەکانی سەربەخۆی بۆ گەلی کورد وگەلانی دیکەی بن دەست هێنایە گۆڕێ، لە درێژەی وتارەکە دا ڕامگەیاند کە پارتی سەربەستیی کوردستان داوا دەکات لە وڵاتی کەنەدا کە یەکێکە لە وڵاتە گرنگەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهانە،کە لە ڕێگەی ئەوانەوە داوا بکەن لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی جیهانی کە لەپاش ڕووخانی ڕێژیمی ئێران سەرپەرستی لە ڕێفراندۆمێکی گشتی بکەن لە کوردستان وباقی گەلانی دیکەی بن دەست، بۆ ئەوەی بۆیان ڕوون بێتەوە کە گەلی کورد گەلانی دیکەی بن دەستیش سەربەخۆیی بە تاکە ڕێگای چارەسەری دەزانن،یان نا؟! .

پرسیار: ئەو پارت و لایەنانە کێ بوون کە بانگهێشت کرابوون؟ ئایا هاوهەڵوێستی لە ڕامانەکانیان بەدی دەکرا؟.

وەڵام : پارتی سەربەستیی کوردستان،پارتی سەربەخۆیی کوردستان،بەرەی دیمۆکراتیکی نەتەوەیی عەرەبی ئەحواز، کۆنگرەی جیهانی دیمۆکراتی ئازەربایجانی باشوور، جوڵانەوەی هۆشیاری گەلی ئازەربایجانی باشوور (کامۆح)،پارتی سەربەخۆیی ئازەربایجانی باشوور.پارتی خەڵکی بەلوجستان،کانوونی سیاسی وفەرهەنگی خەڵکی تورکمەن، جوڵانەوەی تورکمەنستان، بەرەی عەرەبی ئازادی بەخشی ئەحواز،ئەنیستۆی نێونەتەوەیی ئازەربایجانی. بێجگە لە هیندێک کێشەی جۆگرافیایی ئێمە ولایەنە ئازەریەکان نەبێت، دەنا لەزۆربەی خاڵەکاندا بۆ ئایندەی گەلانی بن دەستی ئێران لە زۆر خاڵی گرنگدا هاوهەڵویستی لە نێوانماندا بە دی دەکرا،بە تایبەت لایەنەکانی دیکە زۆر ڕێزیان بۆ خەباتی کوردەکان بە گشتی وکوردەکانی بن دەستی ئێران بە تایبەتی هەیە.

پرسیار: هاوڕایی لە نێوان کوردانی بەشداربوو لەو کۆنفرانسەدا هەبوو؟ بە واتایەکی دیکە کورد چۆن لە مافی چارەنووس دەڕوانن؟

وەڵام : لەو ٢ کۆنفرانسەدا ئێمە واتە پارتی سەربەستیی کوردستان و پارتی سەربەخۆیی کوردستان لەوێ بووین، کە بەڕیز کاک ئەمیری قازی تەشریفی لەوێ بوو، ئێمە پێکەوە هاوڕایی وهاوبیری تەواو لە نێوانماندا بوو،لە زۆر مەسەلەی جۆگرافیایی کوردستان کە دەهاتە گۆڕێ هاوبیر بووین پێکەوە دەنگی ناڕەزاییمان دەردەبڕی و وەڵامی بەرانبەرەکەمان دەدایەوە، بە خۆشییەوە هیچ ناکۆکی و جیاوازی لە نێوانماندا نەبوو.لەسەر مەسەلەی مافی چارەنووس کە بە زۆربەی دەنگی بەشدارانی ئەو ٢ کۆنفرانسە لە بڕیارنامەی بەرەدا دەنگی بۆدرا کە تا ئاستی سەربەخۆیی وجیابوونەوەش بگات، واتە مافی چارەنووسی گەلی کورد لە ڕوانگەی ئێمەوە قوناخی دوایی کە سەربەخۆییە بەمافی چارەی خۆنووسەوە پەیوەستە، بەڵام وەک لە بەرنامەو ئەساسنامەکەشماندا هاتووە کە لەسەرەتاکانی پاش ڕووخاندن و نەمانی ڕێژیمی ئێستا هەرچەشنە دەستکەوتێک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش بێت، پشتیوانی لێ دەکەین،بەڵام بەردەوام لە نێو خەڵکدا بانگەشەی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی خوازی دەکەین.



پرسیار: لایەنێکی دەرەکی یاخود دەوڵەتێک کاریگەری لە پێکهێنانی ئەو کۆنفرانسەدا هەبووە؟ ئایا ئەگەر ئەو ئامانجە سەربگرێ دەوڵەتان پشتیوانی لێ دەکەن ؟

وەڵام : بەڵێ پەرلەمانی کەنەدا پێشوەخت بۆ ئەم کارە ئاگادرکرابۆوە،هەر دوای پێشکەش کردنی سەرجەمی وتاری لایەنەکان، نوێنەری پەرلەمانی کەنەدا بەڕێز( ئەلگابارا) بە ناوی پەرلەمانی کەنەداوە وتاری خۆی پێشکەش کرد، لە قسەکانی دا بەڵێنی بە بەشدار بووان دا کە سەرجەم داخوازییەکان وبڕیارنامەکەش بباتە نێو پەرلەمانی کەنەدا و باسی لەسەر بکەن، هەروەها لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا ٥ کەس وەک نوێنەری هەر ٥ نەتەوەی بن دەستی ئێران لەگەڵ بەڕێز ئەلگابارا بڕیار نامەی پەسەند کراوی ڕۆژی ٢٦ ی سێپتێمبەر و سەرجەم وتاری پێشکەش کراوی لایەنەکانیان گەیاندە دەستی کەسانی بەرپرس لە پەرلەمانی کەنەدا.

پرسیار: ئایا لەم کاتەدا وڵاتان پشتیوانی لە هەڵوەشانەوەی ئێران دەکەن؟، لە کاتێکدا تەمەنی دەوڵەتی ئێران بەو سنوورەی ئێستایەوە سەدان ساڵی تێپەڕکردووە؟

وەڵام : نەخێر هیچ وڵاتێک تا ئێستا ئامادەی وپشتیوانی بۆ جیابوونەوەی گەلانی بن دەستی ئێران دەرنەبڕیوە،بەڵام من لەو باوەڕەدام ئەگەر گەلانی بن دەستی ئێران بەتێکڕا پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕژێنە سەرشەقامەکان وداوای جیابونەوە بکەن،کارەکە زۆرئاسان دەبێ، هیچ وڵاتێک ناتوانێ دژایەتی ٥ گەلی بن دەست بکات کە لە ژمارەی ئاپوڕەی دانیشتووانی ئەو گەلانە لە ٥ ملیۆن تا ٢٥ ملیۆن دەبن وبە دریژای مێژوو وڵاتیان لە لایان حاکمانی ئێرانەوە داگیرکراوە،هەروەها دەتوانین وەک نموونە باسی گەلانی شورەویی و یوگسلافیا بکەین.ئەگەر گەلی کورد بە تەنیا داوای جیابوونەوە لە ئێران بکات،لەوانەیە وەک ئیستای باشووری کوردستان زۆر بۆی دژوار بێت، بەڵام بە خۆشییەوە گەلانی دیکەش ئیستا زۆر بە گەرمی دەم لە جیابوونەوە دەدەن، بۆ نموونە ناوی سەرجەمی ئەو پارت و لایەنە ئازەریانە کە لەسەرەوە هاتوون هەموویان داوای جیابوونەوە دەکەن، ٢ حیزبی گەورەی عەرەبەکانی ئەحواز و هەروەها پارتی تورکمەنەکان وبەلوجەکانیش هەروا ، کەوابێت بۆ ئێمەی کورد کە لەهەموویان زیاتر قوربانیمان داوەو ڕابردووی خەباتیشمان هەیە ،خەبات بۆ سەربەخۆیی نەکەین و ترسی ئەوەمان هەبێت کە کاتی ئەو دروشمە نەهاتووە؟؟. شتێکی دیکەش زۆر گرنگە بیزانین ئەویش ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢٢ دەوڵەتی فارسی لە گۆڕێ دا نییە کە دژایەتی جیابوونەوەی گەلانی بن دەست بکەن، ڕاستە تورکیا دژایەتی هەر چەشنە سەرکەوتنێکی کورد دەکات، بەڵام ئێمە ئاگادارین کە زۆر باش پشتیوانی تورک و ئازەریەکان دەکات، یانی بە لایەکدا زەمینەی لەت بوونی ئێران خۆش دەکات، ئەو کات ناتوانێ بێت دەوڵەتی کوردی لەو نێوەدا تێک بدات.

پرسیار: نەتەوەکانی ئێران سەبارەت بە خاوەنێتی شار وهەرێمەکان کێشەیان هەیە، ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوون کێشەکان چۆن چارەسەر دەکرێن ؟

وەڵام : دەتوانم بڵێم بە داخەوە بەشی زۆری ئەو ناکۆکیانە یەخەی کوردی گرتووە، حیزبە ئازەریەکان بە هەموویانەوە باس لەوە دەکەن کە شار و پارێزگایی ئورمی یە هی ئەوانە نەک هی کوردە، بگرە ئەوان باس لەوە دەکەن کە کوردەکان ٨٠ ساڵ پێش خاکی ئەوانیان داگیر کردووە،ئازەریەکان لە کاتی خوێندنەوەی وتارەکانیان هەموویان ئورمی یان بە شاری ئازەری وئازەربایجان ناوبرد،منیش لە وتارەکەی خۆمدا کە ناوی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم هێنا بە ئورمیشەوە،یەکسەر بە تێکڕا دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە،بەڵام منیش زۆر بە باشی وڵامم دانەوە،کە بە بۆچوونی باقی پارتەکانی دیکەی بەشدار وەک عەرەبی ئەحواز و تورکمەن سەحرا وبەلوجستان وڵامەکەی منیان زۆربەمەنتیقی زانی، هەروەها کاک ئەمیر قازی زۆر کوردانە هەڵویستی بەرامبەریان دەربڕی .دیارە حکومەتی تورکیا لە گشت بوارێکدا پشتیوانی ئەو لایەنە ئازەریانە دەکات بۆ تێکدانی هەل و مەرجی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەک ئیستا کە چۆن کێشەی خستووەتە ناو کەرکوکەوە، ئەمەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە.